# هێڵێکی گەرم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر بەمنداڵان

هێڵی ١١٦ ماوەیەکە دامەزراوەو بەبێ بەرامبەر بۆ سکاڵای ئەو منداڵانە دابینکراوە کە لەنێو خێزان و شوێنی کاریان توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێ، بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەش ڕووی ئەرێنی و نەرێنی ئەو هێڵە بۆ گوڵان دەخەنەڕوو.

توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵان لەهەموو کۆمەڵگەیەك بەڕێژەی جیاواز بوونی هەیە، زۆرجاریش منداڵان لەنێو خێزان و دەرەوەی خێزان و تەنانەت لە شەقام و شوێنی کارکردنیان دەبنە قوربانیی ئەو توندوتیژییانە، بۆیە لەکۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا ڕێکاری ئەرێنی و جێکەوتوویان بۆ بنبڕکردنی ئەو دیاردەیە دەستنیشان کردووە، لە هەرێمی کوردستانیش هێڵی ١١٦ ماوەی شەش مانگە دامەزراوە و بە بێ بەرامبەر بۆ سکاڵای ئەو منداڵانە دابینکراوە کە توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێ.

سەیران سەڵاح سەرۆکی ڕێکخراوی ئەستێرەی منداڵان، وەك ڕۆژنامەنووس و چالاکوانێکی بواری مافی منداڵان، ئاماژە بەوە دەکات کە بوونی هێڵێکی گەرم بۆ بەهانا هاتن و پاراستنی منداڵان بەتایبەتی لەزۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکان وەك پێویستییەکی ئەرێنی و مرۆڤایەتی لەپێناو پارستن و بەدواداچوونی ڕەوشی منداڵان دامەزراوەو گرنگی پێدراوە، بۆ ئەوەی منداڵان بتوانن کاتێك دوچاری توندوتیژی و چەوسانەوە دەبنەوە لەلایەن کەسانی گەورەتر لەخۆیان کە زۆر جار بەداخەوە لەلایەن خانەوادەکانیانەوە ئازار دەدرێن، سکاڵایان لێبکەن و خۆیان ڕزگار بکەن، دیارە کوردستانیش بەهۆی بارودۆخی نالەباری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بەدەر نییە لەو دیاردانەو منداڵان لێرەو لەوێ بوونەتە قوربانی، بۆیە دامەزراندنی زۆرترین دەزگاو ڕێکخراوەکانی تایبەت بە داکۆکیکردن لە مافەکانی منداڵان و هێڵە گەرمەکان زۆر پێویست و گرنگن بۆ ئەوەی بتوانرێ منداڵان لە هەموو جۆرە چەوسانەوەو توندوتیژییەك بپارێزرێت». گوتیشی «بەڵام ئەوەندەی بەدواداچوونم بۆی کردبێ، تائێستا زۆر لەمنداڵان ئاگادار نین کە هێڵی ١١٦ بۆ ئەوان تەرخان کراوە». پێشنیاریشی کرد لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەرنامەو ڕێکلامی

**بەڕێوەبەری چاودێری تایبەت:**

**ئەو هێڵە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی منداڵانە، نەک بۆ دروستکردنی گرفت و گرتنی باوان**

زیاتری بۆ بکرێ، بۆ ئەوەی بتوانرێ زۆرترین منداڵ لێی سوودمەند بن. نیگەرانی خۆیشی لەوە دەربڕی کە «هەندێك کەس و ژمارەیەك لەمنداڵانیش بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕی یان بۆ کات بەسەربردن پێوەندییان بەو هێڵەوە کردووە».

هەروەها «بەڕێوەبەرانی ئەم هێڵە گەرمە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان تەنیا هەماهەنگیان لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەیەو بەشێوەی مەیدانی سەردانی قوتابخانەکان دەکەن بۆ گەیاندنی ڕێنماییەکانیان، دەبوایە لەگەڵ ڕێکخراوەکانیش هەماهەنگییان بکردایە بۆ ئاسانکردنی کارەکان و زیاتر ئاگاداربوون لە ڕەوشی منداڵان بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانیان».

هێمن ساڵح ڕۆژنامەنووس و توێژەری کۆمەڵایەتی، ڕای وایە «یەکێك لەگرفتەکان لەهەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی پرسە کۆمەڵایەتییەکان «نەبوونی پلان و بیرکردنەوەیە»، دەشڵێ «کێشە ئەوەیە بەرلەوەی شرۆڤەی بابەتەکان بکەین، بەبێ هەڵسەنگاندنێکی زانستییانە بڕیاری لەسەر دەدەین، یان بەپێی مەزاج بڕیار لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی پرسە کۆمەڵایەتییەکان دەدرێت». سەبارەت بە هێڵی ١١٦ و ئەنجامەکانیشی گوتی «بە بڕوای من ئەو هێڵە بەبێ دیراسەو بە مەزاجی کەسی دانراوە، یان ڕەنگە کۆپیەك بێت لە وڵاتانی پێشکەوتوو کە ئەوان توانیویانە چەندین قۆناغ لە پێشەوەی ئێمە تێپەڕێنن و ڕەنگە بۆ ئەوان شتێکی باش بێت، بەڵام ئایا تاچەند شتی باشی وڵاتێکی دیکە بۆ ئێمە باشە تا قبوڵی بکەین؟». گوتیشی «هەموومان ئاگادارین خێزان تاکو ئێستاش بە ژمارەی زۆری منداڵ لە کۆمەڵگەی ئێمە دەناسرێتەوە، پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئێستاش لەو ئاستەدا نییە کە بتوانێت خێزان بەجۆرێك لە جۆرەکان بگەیەنێتە قۆناغێك کە منداڵەکانیان بتوانن لەکاتی گرفتەکانیان بەرپرسانی کۆمەڵایەتی ئاگادار بکەنەوەو ئەوانیش هاوکاریان بن و جێگەی قبوڵکردنی تەواوی ئەندامانی خێزانیش بێت، بەتایبەتی بەرپرسانی خێزان، جگە لەوەش ئایا تاچەند منداڵانی کوردستان بەتایبەتیش ئەوانەی کە توندوتیژییان لەبەرامبەر دەکرێت، ئەو هۆشیارییەیان هەیە کە لەڕێگەی پێوەندییە تەلەفۆنییەکانەوە کێشەکانیان بخەنەڕوو؟ یان قەبارەی ئەو کێشەی کە منداڵەکە دەیەوێت بەرپرسانی لێ ئاگەداربکاتەوە چەندە؟ هەموو ئەوانە وادەکات بگوترێ ئەو هێڵە دوودیوی هەیە، یەکیان ڕەنگە تاڕادەیەك توانیبێتی بۆ حاڵەتێك یان چەند حاڵەتێك باش بێت، دووەمیان ئەوەیە کە بەشێوەیەکی گشتی ئەو حاڵەتانەی منداڵ بەرپرسانی کۆمەڵایەتی لێ ئاگادار دەکاتەوە دواتر کێشەکەی بۆ گەورەتر دەکاتەوە، چونکە خێزانەکەی ئەوەیان پێ قبووڵ ناکرێت». گوتیشی «لە کۆمەڵگەی ئێمەدا پلانی کۆمەڵایەتی زۆر پێویستتر هەبوو، وەکو دانانی پسپۆری کۆمەڵایەتی بۆ ژمارەیەك خێزان کە بتوانێت هاوکاری کێشەوگرفتە کۆمەڵایەتییەکانیان بێت، نەك هێڵێك کە ڕەنگە پێوەندی پێکردنی زیانی زیاتر بێت لە چارەسەر، بۆیە بە بڕوای من هێندەی پرۆسەی هۆشیارکردنەوەی خێزان بۆ ئەنجامنەدانی توندوتیژی گرنگە، هێندە بابەتێکی گرنگ نییە کە دەبێتە هۆی دەستوەردانی ڕاستەوخۆ لە پێوەندییە خێزانییەکان، کە تاوەکو ئێستە هۆشیارییان لەو ئاستەدا نییە».

یاساناس هێڤی جوڵا، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «منداڵ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا فێری جۆرێك لە ملکەچی و ژێردەستەیی بوون کە ناتوانن لە قسەی گەورەتر لە خۆیان دەرچن، تەنانەت ئەگەر ئەو قسەیە زەرەری ئەو منداڵەشی تێدابێت»، گوتیشی «سەرەتا پێش ئەوەی بپرسین، ئایا منداڵ سوود لە هێڵی ١١٦ وەردەگرن، پێویستە سیستەمی پەروەردەی ئێمە

**سەرۆکی ڕێکخراوی ئەستێرەی منداڵان:**

**تائێستا زۆر لەمنداڵان ئاگادار نین کە هێڵی ١١٦ بۆ ئەوان تەرخان کراوە**

ئەو وشیارییە لەخۆ بگرێت بۆ منداڵانمان تا بە وردی ماف و ئەرکەکانی خۆیان بناسن و بەتەواوی دڵنیا بکرێن لە پاراستنی یاسا بۆ ئەوان و فێری ئەو ئازادییە بکرێن کە بتوانن داوای مافی خۆیان بکەن، ئەویش لە سنووری دیاریکراودا، نەك بە شێوەیەك منداڵ گوێ بۆ ئامۆژگاری دایك و باوکی ڕانەگرێت و بە کەمترین تووڕەبوونێکی ناو خێزانەکەی، پەنا



بۆ سکاڵاکردن بەرێت، بەردەوام دایك و باوك لە بەرژەوەندیی منداڵەکانیان ئامۆژگارییان دەکەن، بەڵام کاتێك دەگاتە سنووری توندوتیژی پێویستە ڕێگری لێ بکرێت».

زەیتو توفیق تاهیر بەڕێوەبەری چاودێری تایبەت لەوەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بەو هێڵە و کێشەکانی بەردەمیان تایبەت بۆ گوڵان گوتی «هەموو شتێکی نوێ سەرەتا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك گرفت دەبێتەوە، ئێمەش لەکردنەوەی هێڵی (١١٦) کۆمەڵێك گرفتمان هەبوو، چونکە لێکتێنەگەیشتنێك دروست بوو، سەرەتا خەڵك وایدەزانی هەرکاتێك کەسێك زلەیەك لە منداڵەکەی بدات، ئێمە بەرەوڕووی سزای یاسایی دەکەینەوە، بەڵام هێڵی (١١٦) بۆ ئەو منداڵانەیە، کە گرفتی دەروونی یاخود گرفتی کۆمەڵایەتییان هەیەو دەیانەوێت گرفتەکانی خۆیان چارەسەربکەن.

وەك باسیکرد «ماوەی شەش مانگە ئەو هێڵە دانراوەو نزیکەی (٤٠٠) پێوەندی پێوە کراوە. گوتیشی «ئێمە هەوڵمان داوە بە ڕاوێژکردن چارەسەری سکاڵاکان بکەین، واتا کاری ئێمە بۆ

**توێژەرێکی کۆمەڵایەتی:**

**ئەو حاڵەتانەی منداڵ بەرپرسانی کۆمەڵایەتی لێ ئاگادار دەکاتەوە، دواتر کێشەکەی بۆ گەورەتر دەکاتەوە**

**یاساناسێک:**

**دایک و باوک لە بەرژەوەندیی منداڵەکانیان ئامۆژگارییان دەکەن، بەڵام کاتێک دەگاتە سنووری توندوتیژی پێویستە ڕێگری لێ بکرێت**

مەسەلەی ئەو هێڵە نابێ بە هەڵە لێکبدرێتەوە، ئەو هێڵە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی منداڵانە، نەك دروستکردنی گرفت و گرتنی باوان».

ئەو بەڕێوەبەرە ئەوەشی ڕەتکردەوە کە ڕێکلام و ئاگادارکردنەوەیان بۆ ئەو هێڵە نەکردبێت، هەر لەوبارەیەوە گوتی «لە سەرەتا ئێمە لە تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکاندا گەلێك چاوپێکەوتن و دیمانەمان کرد و ناوەڕۆکی ئەو هێڵەمان بۆ خەڵك ڕوون کردەوە، سەرەتای هەموو شتێکی نوێش پەچەکرداری دەبێت. ئەوەی لەسەر ئێمە بوو، لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە خەڵکمان ئاگادارکردەوە، بەتایبەت منداڵان کەئەو هێڵە تایبەتەو دەتوانن پێوەندیی پێوە بکەن و گرفتەکانیان بگەیەننە ئێمەو ئێمەش هەموو هەوڵێکمان بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانیان دەدەین، بەرنامەی زۆرمان لەسەر ناوەڕۆك و کاری ئەو هێڵەو چۆنیەتی پێوەندیکردن و مەبەستی سەرەکیمان لەسەر ئەوە هێڵە ڕوون کردەوە بۆ هاووڵاتیان و منداڵان، واتا ئەوەی لەسەر ئێمە بوو بۆ وشیارکردنەوە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکان و تیڤییەکان ئەنجامماں داوە». لە بارەی گرفتەکانی بەردەمیشیان گوتی «سەرەتا هەندێ گرفت هاتە پێشەوە، بەڵام ئێستا لەگەڵ دەسپێکی کردنەوەی هێڵەکە جیاوازی زۆرەو ئێستا تا ڕادەیەك وشیاری لەسەر ئەم هێڵە پەیدابووە، لەداهاتووشدا گومانم نییە خەڵك بەتەواوی لەمەبەستی دانانی ئەو هێڵە تێدەگەن و بەمەبەستی تایبەتی خۆی بەکار دەهێندرێت و لەڕێگەی ئەو هێڵەوە دەتوانین خزمەتێك بە خەڵك و کۆمەڵگەکەمان بگەیەنین بۆ ئەوەی منداڵان ڕووبەڕووی توندوتیژی نەبنەوە». گوتیشی «بە هیچ شێوەیەك نامانەوێت منداڵ لە خێزانەکەی داببڕێت، چونکە هیچ شتێك جێگرەوەی خێزان نییە».

زەیتو توفیق ئەوەشی خستەڕوو کە لە ساڵی ٢٠٠٧ـەوە کاریان بۆ دانانی ئەو هێڵە کردووە، گوتیشی «سەرەتا ڕاپرسیمان کرد بە کەسانی شارەزا و تەنانەت منداڵیش، لەگەڵ وەزارەتەکانی پێوەندیدار هەماهەنگیمان کرد، هەروەها لێرەدا دەبێت ئەوەش بڵێم، کە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی تاکو (٥)ی ئێوارە ئەو هێڵە کاردەکات، هەر کاتێك کۆڕەك، یان ئاسیاسێڵ لێدەی ئەو هێڵە ئامادەیە، بۆیە لێرە دەبێت سوپاسی ئاسیا و کۆڕەك بکەین کە ئەو هێڵەیان بە خۆڕایی کردەوە».

سەبارەت بە سزای دوای سکاڵای منداڵانیش گوتی «ئێمە دامەزراوەیەکی یاسایی نین، هەتا لێپێچینەوە بکەین، بەڵکو کاری ئێمە هەر ئەوەندەیە ڕاپۆرت بەرز بکەینەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ و بە دادوەر بڵێین ژیانی ئەو منداڵە لەمەترسیدایە. بەرنامەی لێپێچینەوە لەکاری ئێمە نییە، بەڵکو کاری ئێمە چارەسەرە بۆ کێشەکانی دەروونی و کەمکردنەوەی توندوتیژی دژ بەمنداڵان لەناو خێزان و قوتابخانە و لەناو کۆمەڵگە. ئەمەش ئەرکێکی پیرۆزە و کارو بەرنامەی بۆ داڕێژراوە، تاوەکو ئێمە هۆکارو فاکتەری چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بین و کۆمەڵگە بە ئاراستەیەکی دروستدا بەرین».





سورەیا فەلاح چالاكوانی بواری ژنان بۆ گولان:

# لەئەمریكا ساڵانە زیاتر لەشەش بیلیۆن دۆلار بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان خەرجدەكرێت

**حكومەتی هەرێمی كوردستان رۆڵی هەبووە لە كەمكردنەوەی توندوتیژی دژی ژنان، بەڵام دەبێت هەوڵی زیاتر بدات**



سورەیا فەلاح وەک نووسەر و چالاکڤانێکی دیاری بواری دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەتان، سەبارەت بە پرسی ژن و گرفتەکانی لە کۆمەڵگەی جیاوازدا راوسەرنجی خۆی بۆ گوڵان دەخاتەڕوو. جەختیش لەوە دەکاتەوە کە لە کۆمەڵگەی پیاوسالاری بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی ئامادەکاری ناکرێت.

*** پەسەندکردنی یاسای باری کەسی لە پەرلەمانی کوردستان مشتومڕێکی زۆری لێکەوتەوە، یاسای بەرەنگاری توندوتیژی دژ بە ئافرەتانیش تا هەنووکە لە هەرێمی کوردستان جێبەجێنەکراوە، لەوبارەیەوە رات چییە؟**

- هەڵسوکەوت و گفتوگۆی یاساکە تا پەسەندکردنی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لە کوردستانیش پرۆسەی سیاسی و مەدەنی کاریگەرییەکی زۆری هەیە، دیارە پەسەندکردنی یاساکە کاری پەرلەمان بوو، بەڵام شتی نەشیاوی زۆری تێدایە، پەسەندکردنی یاسای فرەژنی، هاوسەرگیری لە تەمەنی ١٦ ساڵی،، کێشەی «میرات» و.. هتد، ئەو کەموکورییانە لە یاساکەدا سەلماندی کۆمەڵگەی پیاوسالاری لە هەرێمی کوردستان هێشتا نەیتوانیوە ئامادەکاری بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بکات، هەروەها نەك هەر من، بەڵکو هەموو چالاکانی دەستەبەرکردنی مافی ژنان لە سەرانسەری دنیا بڕوایان بە فرەژنی نییە. لە کوردستان دەزگای یاسادانان فرەژنی قبوڵ دەکات، بۆیە ئەمە پێویستی بە تێهەڵچوونەوە و کاری زۆر هەیە. لە دوای ڕووخانی سەدام حوسێن لە ساڵی ٢٠٠٣ حکومەتی نوێی عێراق دەستوورێکی تازەی لە دانا، لەم دەستوورەدا بە کراوەیی و ئاشکرا ئاپارتایدێکی جێندەری بەرامبەر بە ژن بە شێوەیەکی دەستووری بەکار هێناوە. ئەگەر هەرێمی کوردستانیش، وەك هەرێمێکی پێشکەوتووتر نەتوانێ یاساکانی مەدەنیتر و جیاواز بێت لە یاسای دانراوی عێراقی، ئەوە بێگومان گۆڕانکاری لە وەزعی ژنانی کورد زۆر دەوادەکەوێت. دەبوا پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەو یاسایە زۆر دیموکراتیتر بیری بکردایەتەوە، یاسای باری کەسی ڕەگەزخوازی تیایە و ژن بە دەرەجە دوو دەناسێ و زیانی زۆرە بۆ مافەکانی ژن.

> **لەناوخۆ و دەرەوەی کوردستانیش ژنانێک هەن کە جێگە پەنجەیان دیارە و جێی خۆیەتی وێرای ڕێزلێگرتن، داوای کاری زیاتریان لێبکەین**

*** پەسەندکردنی یاسای لەوجۆرە و پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەت تا چەند دەسەڵات و تا چ ئاستێك کۆمەڵگە لێی بەرپرسیار دەبێت؟**

- بێگومان لە پەسەندکردنی یاسای باری کەسی دەسەڵاتی کوردستان خەتابار و تاوانبار نییە، چونکە زۆرینەی کۆمەڵگەی کوردی موسڵمانن .

*** کەواتە ڕۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەرەوپێش بردن و جێگیرکردنی مافەکانی ئافرەتاندا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

- نکۆڵی لەوە ناکرێت کە دوای ڕزگاربوونی ئەم بەشەی کوردستان تاڕادەیەك هەوڵەکانی حکومەتی کوردستان بۆ دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی کوردی و هەروەها هاتنە مەیدانی ژنان خراپ نەبووە و ژن ڕۆڵی گێڕاوە و ژنان چالاکی خۆیان فراوانتر کردووە.

*** ئەگەر حکومەت و پەرلەمان ڕۆڵی ئەرێنییان لە پێشەوەبردنی ئافرەتان هەبووە، ئەی بۆچی پاش دەرچوونی یاسای باری کەسی لە کوردستان، چەندین کەمپینی جیهانیتان لە دژی ڕێکخست؟**

- باسی یاسادانان و هەژموونی ئاینییمان لە سەر یاساکە کرد، لەو بوارەوە گوتمان حکومەت تاوانبار نییە و ڕای گشتی کۆمەڵگە بەسەریدا زاڵە، بەڵام ئەوەش نابێت ببێتە هۆی دەستەوەستانی حکومەتێك کە بانگەشەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەکەی دەکات، بۆیە پاش دەرچوونی یاسای باری کەسی لە کوردستان، چەندین کەمپینی جیهانی لە دژی ئەم یاسایە ڕێکخران و چەندین نامەی کراوە ئاراستەی پەرلەمان و بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کران و چالاکانی مافخوازی ژنان ئەوپەڕی نیگەرانی خۆیان لەپەسەندکردنی ئەو یاسایە دەربڕی. هەتا یاسای لەو جۆرە هەبێت، کە ئافرەت بە پلە دوو سەیر بکات، ئەوا بەردەوام مافەکانی ژن پێشێل دەکرێت، دادگایەکی تایبەت بۆ سزادانی ئەو پیاوانە نییە کە توندوتیژی بەرامبەر بە هاوسەر و خێزانی خۆیان بەکار دەهێنن، بۆیە بەداخەوە هێشتا ڕەشەکوژی و ژنکوژی و دیاردەی نائینسانی خەتەنەکردنی کچان و بە زۆرەملێ بە مێرددان و سووتاندن و خۆسووتاندن و خوکوشتنی ژنان بە ڕێژەیەکی زۆر دەبیندرێ. بەڕای من

> **لە بەشەکانی کوردستانی داگیرکراودا ژنبوون لەلایەک و کوردبوون لەلایەکی دیکەوە وایکردووە لە هەموو ئازادییەک بێبەش کراون**

> **دادگایەکی تایبەت بۆ سزادانی ئەو پیاوانە نییە کە توندوتیژی بەرامبەر بە هاوسەر و خێزانی خۆیان بەکار دەهێنن**



فرەژنی و نایەکسانی لە دابەشکردنی میرات و توندوتیژی پیاو بەرابەر بە ژن، ڕێگەخۆشکەرن بۆ زیادبوونی ئەم دیاردانە. ئەوەش کە زۆر جێگەی مەترسییە، ئەوەیە کە ئەم پرسانە لێکۆڵینەوەی ورد و بابەتی و جددی و زۆری لەسەر نەکراوە. بۆیە ژن لە جیاتی ئەوەی خەریکی دروستکردن و ڕێکخستنی کۆمەڵگە بێت و لە فێربوون و فێرکاریدا جێگەی بکرێتەوە، بە وەستاندن و ڕووخاندنی و لەناوبردنی، مافە ئینسانییەکانی پێشیل دەکرێ.

*** بۆ ئەوەی زیانیاری و هۆشیاری زیاتر بە کۆمەڵگە بدەین، پێویستە بزانین جۆرەکانی توندوتیژی بەتایبەتی بەرامبەر بە ئافرەت چین و چۆن بنبڕ دەکرێن؟**

- توندوتیژی بەرامبەر بە ژن یەکێکە لە زیاترین توندوتیژییەکان کە بەرامبەر بە مافی مرۆڤ دەکرێت و لە هەموو کەلتوور و کۆمەڵگەیەکیشدا بەئاستی جیاواز بوونی هەیە. ژن لە یەککاتدا بە سێ جۆر ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، واتە لە لایەن هاوسەر و باوك و برا، یان لە لایەن خۆشەویست وهاوڕێ و تەنانەت کەسی نەناسراو و غەریبەوە تووشی ژنان دەبێت و هەندێکجاریش بە کوشتنی ژن و مردنی کۆتایی پێدێت. یەك لە سێ ڕێژەیەکی زۆر ترسناکە.

سەبارەت بە جۆرەکانی توندوتیژی، ئەوا چەندجۆرێکی دەخەمەڕوو کە لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەستنیشان کراون، کە بریتین لە:

١. توندوتیژی لە ماڵەوە و لە ناو ئەندامانی بنەماڵە، هەروەها لەلایەن هاوسەر و هاوبەشی ژیان.

٢. توندوتیژی سێکسی بە بێ ڕەزامەندی ژن.

٣. توندوتیژی نەریتی و سوننەتی وەکو خەتەنەی کچ، کوشتن لەسەر مارەیی کە لە بەنگلادش و چەند وڵاتێك بوونی هەیە.

٤. کڕین و فرۆشتنی ژنان و کچان.

٥. توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان لە کاتی شەڕی چەکداری.

٦. توندوتیژی بە زمان و جنێودان کە کاریگەری زۆری لەسەر باری دەروونی دەبێت.

**هەرێمی کوردستان ئەگەر یاساکانی مەدەنیتر و جیاواز لە یاسای دانراوی عێراقی نەبێت بێگومان گۆڕانکاری لە وەزعی ژنانی کورد زۆردەوادەکەوێت**

**یەکێک لە گرفتەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە ژن ئەوەیە کە هێشتا زۆر کەس ئەوە بە مەسەلەیەکی شەخسی و بنەماڵەیی دادەنێن و بە کێشەی کۆمەڵگەی نازانن**

بنبڕکردنی توندوتیژی کار و پلانی بەردەوامی پێویستە، تەنیا لە وڵاتێکی وەکو ئەمریکا ساڵانە زیاتر لە شەش بیلیۆن دۆلار بۆ شەڕ لەگەڵ دیاردەی توندوتیژی خەرجدەکرێت. یەکێك لە گرفتەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە ژن ئەوەیە کە هێشتا زۆر کەس ئەوە بە مەسەلەیەکی شەخسی و بنەماڵەیی دادەنێن، واتە بە کێشەی کۆمەڵگەی نازانن کە پێویستی بە یارمەتی بە دەروونناس دادوەر و دەسەڵات هەبێت. ئەم دیاردەیە پێویستی بە ئیشێکی زۆر هەیە بۆ ناسین وناساندنی بە کۆمەڵگە. بۆ نموونە لە کۆمەڵگەی کوردی، لێدان وجنێودان بە توندوتیژی نازانن، بەڵام دەوڵەتی ئەمریکا ساڵانە یارمەتی ماددی دەداتە ئەو ڕێکخراوانەی کار بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنان دەکەن. هەموو ساڵێکشس لە ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان، بابەتی تایبەتی دادەنێن، واتە مافی مرۆڤ بۆ ژنان و هەموو مرۆڤێکە.

٢٥ ی نۆڤەمبەر تاوەکو ١٠ی دیسەمبەر لەم ماوەیەدا کە ١٦ ڕۆژە، چەندین ڕۆژی گرنگی تێدایە وەك ڕۆژی جیهانی شەڕ لەگەڵ نەخۆشی ئایدز و ٢٥ ی نۆڤەمبەر ڕۆژی بەرەنگاری توندوتیژی بەرامبەر بە ژنانەوە و زۆر چالاکی بەرچاو لەم بوارەدا دەکرێت. بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئەمریکا بکەین، دەبینین لە بواری سیستمی یاسایی و حقووقی، ژنی ئەمریکی مافەکانی پارێزراون، جنێودان و لێدان و زەخت و

زۆر و توندوتیــژی بەرامبــەر بە ژنان بە هــەر بیانوویەك بە تــاوان دەژمێردرێت و ژن دەتوانێــت پارێــزەر بگرێــت و داوای ســزادانی مێردەکەی بــکات. کەس بۆی نییە هاوسەری ژیان بۆ کچ یان کوڕ، یان خوشــك و برای خۆی دەستنیشان بکات، فرەژنی وەك دیاردەیەکی ناســاغ ناسراوە و لە ئەمریکا بنبڕ کراوە. کەس ناتوانێت ئەم یاسایە بشکێنێ. میرات وەك یەك لە نێوان کوڕ و کچ دابەش دەکرێت، مافی راگرتنی منداڵ لە ئەگەری جیابوونەوەی هاوسەریدا بــە دایك دراوە. بەڵام ژنــی کورد و ژنی ئەمریکی بە هۆی دوو مەسەلەوە، کێشەی هاوبەشیان هەیە، یەکەم بە هۆی ژن بوون، دووهەم بەهۆی (کونســرواتیڤ)بوون لە هەر دوو کۆمەڵگە، بەڵام ئاســتی کێشــە هاوبەشــەکان زۆر جیاوازن، شــەڕی ژنان لە ئەمریکا لە ســەر مافە سەرتاییەکانیان نییە، لە سەر مافی بەرامبەرە لە حەقدەست و کرێــی کار و دەســتمایە و لابردنــی جیاوازی لــە کاری پیــاو و کاری ژنە، نەهێشــتنی زەعیف و بەهێزە. لە یاساکان و لە دەســتووری فیدرالی ئەمریکا مافی

> **لە بەشەکانی دیکەی کوردستان کوردبوون و ژنبوون وایکردووە ژنان لەهەموو مافێک بێ بەش بن**

هاووڵاتی بە ژن و پیاویەوە بە یەکســانی جێگیــر بووە. بەڵام ئەوە بــەو مانایە نییە کە لە ئەمریکا سیســتمی جنسی لە نێوان ژن و پیاو بنبڕبووە یــان نەماوە. (ئابرهام لینکلن) دەڵێت: (ئەمریکا لەســەر بینای ئازادی دانرا، بەڵام ٢٠٠ ســاڵی پێچوو تا توانی ئەو ئازادییە بەڕێوەبەرێت). کوردیش ئەگەرچی دەتوانێت لە ئەزموون و مێژووی نەتەوەکانی دیکە کەڵــك وەربگرێ، بەڵام لە کاتــی هەڵســەنگاندن و بەراوردەکانی لە گــەڵ میللەتانی دیکــەدا، دەبێت بۆ گەیشتن بە پێشکەوتنەکان قەناعەتی بەوە هەبێت کە نیازی بە ممارســە و زەحمەت و لەخۆبوردن هەیە.

*** ئەی سەبارەت بە ژنانی کورد لەسەرجەم کوردستان بە تایبەتیش لە رۆژهەڵات؟**

- ژنی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش وەکــو پارچەکانی دیکەی کوردســتان بە هۆی نەریتی پیاوســالاری و سیســتمی سیاسی ئابووری بارودۆخێکی باشی نییە. لە بەشەکانی کوردستان ژن بوون لە لایەك و کورد بوون لە لایەکی دیکەوە وایکردووە لە هەموو ئازادییەك بێبەش کراون، هەروەها لە رۆژهەڵاتی کوردستان ژنان مافی دانانی ســەنتەر و ناوەنــدی ژنــان و رۆژنامە و گۆڤارێکی تایبەتیان نییە کە دەروونناسی کۆمەڵایەتی و سێکســۆلۆژی و بیروڕای ژنانە دەربخات.

*** وەك چالاکڤانێکی بواری دەستەبەرکردنی مافی ئافرەتان، بۆ باشترکردنی دۆزی ژنی کورد بەگشــتی چ پێشنیار و پڕۆژەیەکت هەیە؟**

- بە کورتی دەکرێ ئاماژە بە چەند پڕۆژە و بەرنامەیەك بکەم کە کاری رێکخراوەییمان بــۆ کردووە، بــەڵام باشــترین بەرنامە بۆ باشترکردنی رەوشی مافی ژن و چەسپاندن و جێگیرکردنــی مافەکانیان، چالاکی بۆ گۆڕانکاری بیروڕای کۆمەڵگەیە بەرامبەر بــە ژن. واتــە گۆڕانکاری لە یاســاکان و بەشــداریکردنی پیــاو لە پرســی ژن و یارمەتیدانی ژن بۆ گەیشتن بە یەکسانی و هاوبەشــی لــە کاری کۆمەڵایەتــی و سیاســی لــە کۆمەڵگەدایــە. یەکێ لەو بەرنامانــەی کە زۆر گرنگــە ئەوەیە کە بتوانیــن پەیوەندی خۆمان لەگەڵ ناوەند و رێکخراوەکانی کارو چالاکی ژنان لە ئاستی جیهاندا فــراوان بکەین، لە رێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتــووەکان و ئەنجومەنە ســەر بــە رێکخراوەکانــی دنیا بەشــدار بین و ئەزموونەکانمان بــۆ ناو دڵی کۆمەڵگەی کوردی ببەینەوە و جاڕی بدەین و کاری بۆ بکەین، تا ئاستی وشیاری و رۆشنبیری و زانیاری ژنی کورد بەرزتر بێتەوە. هەروەها

> **هەوڵەکانی حکومەتی کوردستان بۆ دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە و هاتنە مەیدانی ژنان خراپ نەبووە و ژن رۆڵی گێڕاوە و ژنان چالاکی خۆیان فراوانتر کردووە**

زیادکردنی ســمینار و کۆنفرانســەکان و ئەکیتڤکردنی کاری هونەری و سیاســی و کۆمەڵایەتــی چالاکــی راگەیاندنــی ژنان بۆ ناســاندنی پرسی ژن و پێکهێنانی دەرفەتەکان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان، ماندوونەناسی و کاری بەردەوامی پێویستە. لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردســتانیش ژنانێك هەن کە جیگــە پەنجەیان دیــارە و جێی خۆیەتی وێــرای رێزلێگرتن، داوای کاری زیاتریان لێبکەین. بەگشــتی باشترکردنی وەزعی ژنی کورد، بەدەست خۆیەتی. واتە ئازادی و یەکسانی لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاســی و... هتد، ئەوانە شــتێك نین کە وەك خەڵاتی دەســتی پیاو سەیر بکرێن، ئەوە هەوڵ و تێکۆشانی خودی ژنانی پێویستە.



**پڕۆفایل:**

**سورەیا فەلاح لە ٢ی رێبەندانی ساڵی ١٩٦٧ لە شــاری بانە لــە دایکبووە. لە شاری ســەقز خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە و لە سیاســەت و مافی نێودەوڵەتی لە زانکۆی تاران بڕوانامەی ماســتەری وەرگرتووە. لــە دانیمارك لەگەڵ رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی و خاچی ســوور کاری کردووە و زیاتر لە ١٠ ســاڵە لە باکــووری ئەمریکا هەڵســووڕێکی چالاکی مافی ژنی کوردەو ئەندامی کۆمەڵەی پشتگیری لە مافی مرۆڤ و ئازادی زیندانیانی سیاسی ئێرانە و سەرۆکی ئەنجومەنی قەڵەمی کوردی لە باکووری ئەمریکا و ئەندامی رێکخراوی وڵاتەیەکگرتووەکانە (UNA-USA)، هەروەها بەرپرسی کۆمیتەی مافــی ژنانە لە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لــە ئەمریکا، چەندین کتێبی لەســەر مافی ژن و سیاسەتی نێودەوڵەتــی و سیاســەت وحکومەت نووسیوە و دەیان لێکۆڵینەوە و شیکاری سایکۆلۆژی هەیە.**

□